# کەلار

دلاوەر قەرەداغی

کێ دەمانباتەوە بۆ نیشتیمان
کێ نیشتیمان دەهێنێت بۆ لامان
نامەکانی نیشتیمان بۆ کێ دێت
کێ لە نیشتیمانەوە نامەی بۆ دێت
کێ لای نیشتیمان بووە میوان
کێ لای نیشتیمان بووە کڕیار
کێ لە حەوشی گەورەی نیشتیماندا
بووە کرێچیی
کێ دڵی نیشتیمانی شکاند
کێ دوعای خەراپی لە نیشتیمان کرد
کێ بەیانییەک زوو، قۆڵی کرد بەقۆڵی نیشتیماندا و
بۆ پیاسەی برد!

بیدەنەوە ... زەینی نیشتیمان بدەنەوە
زەینی ئەوە ڕۆژانەی بدەنەوە کە پڕ بوو
لە کیژی قژ کاڵی لێو ئاڵیی ناو شیعرێکی گۆران
زەینی ئێوارانێکی بدەنەوە

که سەری بچوایە ... نوێژی لەسەر بەرماڵەکەی شیعری نالی نەدەچوو
بیدەنەوە ..... ئەلبومەکەی نیشتیمان بدەنەوە
کە پڕ بوو لە ئاسمان و لە وێنەی ڕەش و سپیی ئەسپی باڵدار
دەفتەرەکانی بدەنەوە
کە پڕ بوون لە غەمی نەعامەی مەلوول و
لە نامەی دڵداریی بێ ناونیشان
بیدەنەوە ... گوندە سەخیی و سافیلەکەکانی بدەنەوە
شارە مەکتەبلییە لەخۆباییەکانی
ئەو ئەستێرانەی بدەنەوە کە شەوان
بە ژوور خەمییەوە هەڵدەبوون
بیدەنەوە ..... ڕادیۆ گچکە خەڕەکەشکاوەکەی بدەنەوە
کە شەوان
گوێی لە هەواڵی کۆستە ناکاوەکانی خۆی پێ دەگرت
تەسبیحەکەی بدەنەوە کە قل قل
تاڵی سپیی، سەری قژنی ئەنفالەکانی خۆی پێ دەژمارد
ڕۆژ ژمێرەکەی ژەهری بدەنەوە
ساڵنامەکانی قاتوقڕیی
بیدەنەوە ... ئاوێنە درز تێبووەکەی بدەنەوە
کە بەیانیانێک تیایدا، تا تەنیایی بڕکا
لە سەحراکانی غەریبیی خۆی ڕادەما
عەترەکەی نیشتیمان بدەنەوە
عەترێک کە بۆنی لە بۆنی پاییز دەچوو
بۆنی لاستیکی خەتکوژانەوە و
بۆنی سێو و
بۆنی هەر هەموو بە یەکەوە مردن، بوو
شتەکانی نیشتیمان بدەنەوە

ملوانکەکانی، بازنگەکانی، ئەنگوستیلەکانی، يارييەکانی
ئەو جلکە مۆرەی بدەنەوە
کە سەردەمانێک پێیەوە بۆ یەکەمین ژووان دەچوو
ئەو نامەی دڵدارییەی بدەنەوە
کەبۆ یەکەمین جار و دووایەمین جار نووسی
ئەو سوێندەی بدەنەوە کە لە ژیانیدا بۆ یەکەمین جار
خواردی
ئەو توورەییەی بدەنەوە کە لە شیعرێکی (بێکەس) ەوە فێری بوو
شتەکانی نیشتیمان بدەنەوە
شتە سادە و ساکار و گچکەکانی
گوندە قۆشمە و قسە زلەکانی
کۆڵانە باریکوبنێس و دەرەلنگ قوڕاوییەکانی
خانووە داتەپیوەکانی
گەڕەکە زۆر زۆر قەرەباڵغەکانی
مناڵە زۆر زۆر هاروهاجەکانی
سروودە نەدی و بدییەکانی
گۆرانییە چەتوون و بێ نۆتەکانی
شتەکانی نیشتیمان بدەنەوە
دەستی نیشتیمان بدەنەوە ئەوکاتەی ئینجانەکانی ئاو دەدا
چاوی بدەنەوە ئەو کاتەی لە پەرۆشییدا دادەگیرسا
دڵی بدەنەوە ئەو کاتەی بە عەشق و بە سڵاو لێیدەدا
پێوپلی بدەنەوە ئەوکاتەی لە حەژمەت مەرگ، پێیانەوە دەچوو بۆ ڕەو
دەنگی بدەنەوە ئەو دەمەی زیقە زیق وەک چۆلەکەی تەڕ، هوتافی دەکێشا
سێبەرەکەی بدەنەوە ئەو کاتەی لەسەر تەرمی خۆی دەوەستا
زەینی بدەنەوە
زەینی نیشتیمان بدەنەوە

تا بیری بێت
ئینجانە بە ئینجانە بگەڕێ و شەهیدەکانی ئاو بدا
تا بیری بێت
کەی وادەی مردنە و
کەی کاتی سەفەرە و
کەی بەهار و پاییز و زستان و هاوین دێن و
کەی دەبێ
پیر بێ و دەستەوئەژنۆ لەبەر دەرکی حوزنی خۆی دانیشێ
شتەکانی نیشتیمان بدەنەوە
شتە زۆر گچکە و زۆر زۆر ساکارەکانی
کڵاووجامەدانییەکەی
چراکانی
گۆچانەکەی
قوتووی سیگارەکەی
چاویلکەکەی
بەیازەکانی
دارتێلە غەمگینەکانی
تابووتەکانی
بەلوعە کراس ڕەشەکانی
چیمەنە تازییە بارەکانی
تینوێتییەکانی
بیدەنەوە
زەینی نیشتیمان بدەنەوە
تۆزقاڵێک میهرەبانیی
بیدەنێ
بەشی نووسینی نامەیەک،

ڕووناکیی
بەشی گلەیی کردنێک،
تووڕەیی
بیدەنێ
بەشی سەرهەڵگرتنێک
خواحافیزیی!

❊